# رۆلێ ئافرەتێ د ریفراندومێدا




د. زوزان سادق بەرواری*

بۆ گولان نووسیەتی


دیارە، رۆلێ ئافرەتێ ب شێوەکێ گشتی دناڤ جڤاکیدا کاریگەریا خوە یا راستەوخۆ لسەر هەمی بوار و یەکەیێن وێ دکەت، لەوما ژی ب دانەر وئاڤاکەرا لبنا ئێکێ یا پێکهاتەیا جڤاکی دهێتە هژمارتن، چونکی ژ لایەکی ڤە پەروەردەکارا نەوەیێن داهاتی یە و ژلایەکێ دیتر ڤە بهێزترین چەکێ کارتێکرنێ ددەست دایە کو دشێت دمیانا وی چەکی دا فشارێ بێخیتە سەر هەر لایەنەکێ وێ بڤێت گهورینێ تێدا بکەت.

پێشکەفتنا ئافرەتێ پیڤەرە بۆ پێشکەفتنا جڤاکی، لەوماژی دامەزارندنا وەلاتان وەکو فورم و سیستەمەکێ تایبەتێ ب رێڤەبرنا دەستهەلات وکاروبارێن مللەتی بێ بەشداریکرنا ئافرەتێ سستەمەکێ لەنگە، وژبو دانا باوەریێ برۆلێ سەرەکی یێ ئافرەتا کورد دهەمی قوناغێن دیروکا ملەتی دا ئافرەتێ مل ب ملێ زەلامی بەشداریەکا بێ سنور کریە لەوما نوکە و پشتی راسپاردەکرنا سەروکێ هەرێمێ و بریاردان لسەر ئەنجامدانا ریفراندومێ هەمان ئەو بارێ ل چیا ئافرەتێ ب ملێ خوەڤە هەلگرتیە و بەشەك ژ هاندانا خەلکی بۆ بەشداریکرن دڤی پروژەی دا ب ستوهێ خوەڤە گرتیە، ئەڤجا ژبلی کو بەشداریکرنا وێ ب خوە د ریفراندومێ دا وەکو دەستکەفتەکێ وەفاداری یە بەرامبەر کەیسا کوردی وئەو خەباتا مللەتێ کورد کری دهەمان دەمدا پالدەرەکە بۆ هاتنە هەبوونا وێ دناڤ گورەپانا سیاسی و بەشداریکرن د سەنتەرێن دەنگدانێ و چێکرنا بریارێ دا. ئەڤە ددەمەکیدایە کو نوکە و دڤی سەردەمیدا و دزوربەیا وان وەلاتێن خودان حکومەت ودەستهەلات ئافرەت هاتیە پەراوێزخستن سەرەرای وێ چەندێ کو ئەڤ وەلاتە ئەڤە ب سەدان سالە خودانێن ئاخ و دەستهەلات و سەربەخوییا خونە.

بەشداریکرنا ئافرەتێ و رۆلێ وێ د هاندانا خێزان و دەوروبەرێن خۆ کو بەشداری بریاردان لسەر دەستنیشانکرنا چارەنڤێسی (ریفراندومی) پەیامەکە بو هەمی وان کەس و لایەنان ئەوێن هەولێن بن دەستکرن و شکاندنا وێ دکەن. دیسان بلندکرنا وی دەنگیی یە ئەوا زەلام سالاریێ بێدەنگ کری کو د وێ گازیێ دا دیاربکەت کو دەم هات دا رۆلێ وێ بهێت ئەکتیف کرن و بەشداریکا کارا دهەر پروسەیەکا سیاسی و یاسای و چێکرنا بریارێ دا بکەت.

ژبو پتر ئافرەت بشێت خوە دناڤ سەنتەرێن بریارێ دا ببینیت و بکاریت ب شێوەکێ فول کاریکەر کارتێکرنێ لسەر گهورینا ئاراستێن سیاسی و هزر و ئایدیۆلۆژیاتێن تاکێن جڤاکی و گهورینا بریارێن تاکەکەسی بکەت پێدڤیە ڤان خالان بەرچاڤ وەربگریت:

١- بلندکرنا ئاستێ خاندن و روشنبیریێ، کو هەر چەند گرنگیێ ب خاندنێ و فێرکرنێ وبلندبوونا ئاستێ خاندنێ بدەت ب وێ رادێ دێ شێت

کارتێکرنێ ل وی جه و دەڤەرێ کەت یا لێ دژیت. هەژی ئاماژەکرنێ یە کو ل هەرێما کوردستاندنێ بیاڤێ خاندنێ ووەرگرتنا باوەرنامێن بلند و بەشداریکرنا ئافرەتێ دسەکتەرێن پەروەردە وخاندنا بلند دا پێنگاڤەکا مەزن ب خۆڤە گرتیە و پتر رێك هاتینە خوشکرن بو هندێ کو ئافرەتا کورد قەرەبوویا وان هەمی نەخوشیا بکەت یا ل چەل وچیا و ب ملێ زەلامی ڤە دیتی، کو ئەگەر د وەختەکیدا کارێ ئافرەتێ دقادا خەباتێ دا تەنها چێکرنا خارنێ بویە بو پێشمەرگەی و پەروەردەکرنا زاروکان بایە، ئەڤرۆ ژبلی وان ئەرکا وەکو ماموستا ل زانکو ودەزگەهێن پەروەردەی ماموستا وفەرمانبەر و دادوەر ونوژداروئەندازیاروفەرماندەیە ل بەروکێن شەری...هتد، ئەڤ چەندە ژی دزڤریتە وان رێخوشکرنێن دەستهەلاتێن سیاسی ژلایەکی ڤە ودەزگەهێن حکومی و تەشریعی ئەوێن حکومەتا هەرێمێ بۆ ئافرەتێ و خزمەتکرنا وێ و گرنگیدان ب رۆلێ وێ و زانینا وێ ڕادا کاریگەریێ ئەوا ئافرەت دکەت رەخساندینە.

٢- بهادان ب رولێ ئافرەتێ ژ لایێ جڤاکی وئابووری، کو ئێك ژ وان ئاستەنگێن لاوازیا رۆلێ ئافرەتێ دناڤ زوربەیا جڤاکێن روژهەلاتدا کێمکرنا بهایێ وێ یە دناڤ جڤاکی دا. و ئەڤە ژی ئێك ژوان ئاستەنگایە کو دهەمان دەمدا رێکێ بەرامبەر پێشکەفتنا وێ دگریت و ناهێلیت ئەو رۆلێ کاریگەر لسەر گهورینا ئاراستێن جڤاکی و ئابووری بگیرێت. بەلێ بشتی ٢٠٠٣ گهورینا هزری ل هەرێما کوردستانێ ب شێوەکێ گشتی بو پتر گرنگی دان ب رۆلێ ئافرەتێ وگرنگییا وێ دناڤ جڤاکی دا هاتیە هەبوونێ و ئەڤەژی ڤەدزڤریتە هەبوونا وێ باوەریێ ئەوا ئێکەم جار لایەنێن سیاسی یێن هەمی پارتا ل کوردستانێ ب شیان و پێگەهاندنا ئافرەتێ دای، کو ئەڤرو بەشداریێ دهەمی بوارێن سیاسی ویاسایی و لایەنێن جێبەجێکار دا رۆلێ خوە ببینیت و شیایە شوین تبلێن خوە لسەر هەر جە و شینوارەکی بهێلیت. ب ڤی شێوەی ووێ باوەریا لایەنێن سیاسی وحکومی گەهشتینە وێ قەناعەتێ کو ئافرەت دشێت کارتێکرنێ لسەرهشیارکرنا جڤاکی ب هەمی تەخێن خۆڤە بکەت کو بەشداریێ دهەر بریارەکا دبەژەوەندا گشتی و مللەتیدا بیت بکەت.

٣- پێگەهاندنا ئافرەتێ لسەر روشەنبیریا یاسایی ولایەنێ جێبەجێکار،تا ڕادەکێ گهورینێن داب ونەریتێن جڤاکی هاتینە کێمکرن و دەستهەلاتا یاسادانانێ دگەل دەستهەلاتا جێبەجێکار شیاینە ب هەماهەنگی هندەك یاسا دابرێژن کو دبەرژەوەندیا ئافرەتێدا بیت ومافێ وێ تێدا بهێتە پاراستن. هەژی ئاماژێ یە کو ئافرەت ل هەرێما کوردستانێ بەشداریکا راستەوخو و ب رێژەکا تایبەتا یاسایی بەشداریێ د چێکرنا یاسا و بریارادا دکەت، ئانکو بەشداریا راستەوخو یا ئافرەتێ ددانانا ڤان یاسایادا دمیانا بەشداریا وێ دپەرلەمانێ کوردستانێ وحکومەتا هەرێمێ دا بهەمی دام و دەزگەهێن خوڤە —بەلێ تاکو نوکە ئەڤ رێژا ئافرەتا ل دەزگەه و جهێن دبن وەزارەتا دا بەرەف خارێ ب رێژا یاسایی نەهاتیە دانان و ئەڤە ژی زیانە ب پێگەهێ ئافرەتێ و هەبوونا وێ- رێژا ٣٠٪ دهێتن وەلاتێن کو بسەدان سالە دەولەت- ئافرەتێ ل گەلەك وەلاتێن نێزیکی هەرێمێ مافێ دەنگدانێ نیە دهەلبژارتنادا نە کو خوە بەربژێربکەت.

دزوربەیا جاراندا ئافرەت شیایە ب مافێ خوە دەنگان ب دەستڤەبینیت دور ژ کوتاییێ، ئەڤ چەندە ژی ژ ئەنجامێ وێ دیموکراسیەتێ و پێگەهاندنێ یە ئەوا بۆ ئافرەتێ پەیدابووی و ئەو شیانێن وێ هەین دپەروەردەکرنا وی نەوەی دا ئەوا باوەری ب شیانێن وێ هەین. ئەڤجا قەرەبوکرنا ئافرەتێ بو حکومەتێ و لایەنێن خوە یێن سیاسی دێ دمیانا بەشداریکرنێ بیت د ریفراندومێ دا و هاندانا خەلکی و گەنجا و هەمی تەخێن جڤاکی کو بەشداریێ دڤێ پروسا چارەنوسازدا بکەن و ئەڤەژی ئەرکەکێ نشتیمانی و نەتەوەی یە.

کەواتە ئەو ئافرەتا نیڤا جڤاکی پێکدئینیت و نیڤا دی پەروەردەکرنا وی زەلامێ قارەمان دبەروکێن شەراندا، ئەوا پەروەردە و پێگهاندنا ڤان سیاسەتمەدار و سەرکردا دگەهینیت ڤی ئاستێ ئەوێ هەر ئێك ل جهێ خوە فەرمانێن خوە دسەپینن هەمی ل ژێریی رێنما و یاسایێن تایبەتێن ڤان ئافرەت و دایکا هاتینە فێرکرن، لەوما ژی ئەڤرو هەر ئەو ئافرەتا ئەڤ سەرکردێن سیاسی ئینباینە سەردونیاییێ و کرینە سەرکردە دهەمان دەمدا دشێت ئاراستێن وان یێن هزری ونەتەوەی ژی بەرەف وەفادارییی بۆ پاراستنا بەرژەوەندا گشتی یا مللەتی ببەت. ئانکو دەستهەلاتا کوردی دشیت ئەڤرو ئالایێ پروپاکندا ریفراندومێ و گهورینا ئاراستێن جڤاکی کو بەشداریەکا سەرتاسەری د ڤی پرۆسیسێ دابکەن بکەتە ددەستێ ئافرەتا خودان شیان کو پێگەهێ خوە یێ جڤاکی، وسیاسی، و روشنبیری، وئەکادیمی هەبیت، جونکی چ گومان نینە کو ئەو بیروباوەرێن وێ وشیانێن وێ یێن زمانی و وژدانێ دێ کارتێکرنا خوە هەبیت.

*** ئەنداما پەرلەمانێ کوردستانێ/ فراکسیونا زەرد**

**ئەڤجا قەرەبوکرنا ئافرەتێ بو حکومەتێ و لایەنێن خوە یێن سیاسی دێ دمیانا بەشداریکرنێ بیت د ریفراندومێ دا و هاندانا خەلکی و گەنجا و هەمی تەخێن جڤاکی کو بەشداریێ دڤێ پروسا چارەنوسازدا بکەن و ئەڤەژی ئەرکەکێ نشتیمانی و نەتەوەی یە**

**بەشداریکرنا ئافرەتێ و رۆلێ وێ د هاندانا خێزان و دەوروبەرێن خۆ کو بەشداری بریاردان لسەر دەستنیشانکرنا چارەنڤێسی(ریفراندومی) پەیامەکە بو هەمی وان کەس و لایەنان ئەوێن هەولێن بن دەستکرن و شکاندنا وێ دکەن. دیسان بلندکرنا وی دەنگیی یە ئەوا زەلام سالاریێ بێدەنگ کری**



# ئافرەتان داوای کاری هەمەلایەن بۆ سەرخستنی پرۆسەی ریفراندۆم دەکەن

**ئەگەرچی سەربەخۆیی وڵات شتێکی گشتگیرە و رەگەزێک بە تەنیا ناتوانێ ببێتە پێوەری ئەو سەروەرییە، بەڵام ئافرەتی کورد لە رەوتی خەبات و شۆڕش و بەرخۆدانەکاندا رۆڵی کاریگەر و تایبەتمەندی خۆی بووە و جگە لەوەی باوک و برا و هاوسەر و رۆڵەی خۆیان هانداوە لە پێناوی بزافی رزگاریخوازی فیداکاری و گیانبازی بکەن، خۆیانیش لەو بوارە بەشداریی جۆراوجۆریان کردووە، ئێستاش کە باشووری کوردستان لە ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی نزیک دەبێتەوە، کاریگەری و رۆڵی ئافرەتانی کوردستان بەرجەستەتر دەبێت و داوای پێشەنگایەتی و کاری هەمەلایەن بۆ سەرخستنی پرۆسەکە دەکەن.**

■ گوڵان: کۆمەڵایەتی



«بێگومان بابەتی ریفراندۆم، بابەتێکی هەستیار و چارەنووسسازەو پێویستە هەمووان بەیەك دەنگ کاری لەسەر بکەین، چونکە بابەتێك نییە تایبەت بێت بەچینێك، یان گرووپێك، بەڵکوو ریفراندۆم بابەتێکە پێوەندی بە هەموو میللەتەوە هەیەو کاریگەریی راستەوخۆی لە سەر ئایندەمان هەیە و دەبێت هەموومان پێکەوە بە پیرۆزییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەین».

ئەوە قسەی سامیە شێروانی بوو. ئەو خاتوونە کارگێڕی لقی ١٦ی پارتی دیموکراتی کوردستانە و سەبارەت بە رۆڵی ئافرەتان لە گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەمجۆرە رای خۆی دەردەبڕێت: «ئافرەتانی کورد هەمیشە پێشەنگ بوون، هەر لە شۆڕشەکانەوە تادەگاتە گشت بوارەکانی خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمان و کاری مەدەنی لە کۆمەڵگە، ئافرەتان لەسەردەمی پێشمەرگایەتیدا بەشدارییەکی کارایان هەبووەو ژمارەیەکی بەرچاویان پێشمەرگە بوون و ئەوانی دیکەشیان بە هەموو شێوەیەك هاوکاری هێزی پێشمەرگەیان کردووە، کە نموونەی بەرچاویان کارکردن لە رێکخستنە نهێنییەکانی ناوشار بووەو تەنانەت رووبەڕووی زیندانیکردن و ئەشکەنجە و لەسێداردان بوونەتەوە. ئەمڕۆش کە لە سەربەخۆیی نزیك دەبینەوە، ئەوەی من تێبینی دەکەم، ئافرەتانی کورد وەك پێکهاتەیەکی سەرەکیی کۆمەڵگە بە حەماسەوە بەشداری لەپرسی ریفراندۆم دەکەن، چونکە ئەم پرسە تایبەتە بەهەموو میللەتی کورد و ئایندەیەکی گرنگ دیاری دەکات. ئەوەی من چاوەڕێی دەکەم ئافرەتانی کورد رۆڵێکی زۆر گرنگ لەم پرسەدا دەگێڕن، داواشدەکەم کە ئافرەتانی کورد بەهەموو هەوڵێکی خۆیان بەگرنگیەوە لەم بابەتە بڕوانن.» گوتیشی: «زۆر پێویستە و دەبێت ئافرەت و پیاو پێکەوە و زۆر بە بایەخ و بە گرنگییەوە کاری لەسەر بکەین، بەتایبەتی ئەرکی راگەیاندکارو چالاکانە کەهەموو هەوڵێکیان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی هانی تاکی کۆمەڵگە بدەن، بەکارایی لەم پرۆسە

**ئەمڕۆ کە لە سەربەخۆیی نزیک دەبینەوە، ئافرەتانی کورد وەک پێکهاتەیەکی سەرەکیی کۆمەڵگە بە حەماسەوە بەشداری لە پرسی ریفراندۆم دەکەن**

**ریفراندۆم بابەتێکە پێوەندی بەهەموو میللەتەوە هەیەو کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر ئایندەمان هەیەو دەبێت هەموومان پێکەوە بەپیرۆزییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەین**

**ئەرکی سەرشانی هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە کە لەم قۆناغە هەستیارەدا پاڵپشتی لە پارتی دیموکراتی کوردستان و هەر لایەنێک بکەن کە خۆی بە پێشەنگی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەزانێت**

گرنگەدا بەشداری بکەن. هەروەها ئەرکی هەموانە کە ئەم ماوەیە بە وردی کار لەسەر پرسی ریفراندۆم بکەین، بەئەنجامدانی وۆرکشۆپ و کۆنفرانس و چالاکیی بەردەوام بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکی کۆمەڵگە بەرامبەر بەچەمکی ریفراندۆم، لەبەر ئەوەی هەتا قۆناغەکانی هۆشیاری لەسەر ئەم پرسە بەردەوام بن، ئەوا کاریگەری زۆرتری لەسەر کۆمەڵگە دەبێت. بە بڕوای من دەبێت هەموومان بەبێ جیاوازی هەموو هەوڵێك بخەینەگەڕ بۆ سەرخستنی پرۆسەی ریفراندۆم و پشتگیری لە هەنگاوەکانی سەرۆکی هەرێم بکەین، کە رۆژ و شەوی خۆیان خستووەتە سەر یەك لە بەر ئەوەی نەتەوەی کوردیش خاوەن کیانی خۆی بێت».

فەزیلە شۆڕش بەرپرسی ئۆفیسی ئەورووپای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، سەبارەت بە هەمان پرس، سەرەتا ئاماژە بەوە دەکات کە «لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی کورد دەرکەوتووە کە حکومەتەکانی یەك لە دوای یەکی عێراق هۆکارێکی زۆر سەرەکی بوون بۆ نەهامەتی و دەربەدەری وماڵوێرانیی کوردو پیلانی پاکتاوکردنی کوردیان بووە، جگە لەوەش لە دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاری توندڕەو لە کوردستانیش هۆکاری سەرەکی بوون، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوون و مانەوەی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا، ئافرەت ئەو چینەیە کە پشکی شێری لەم توندڕەوی و نەهامەتییانە بەرکەوتووە کە تائێستاش بەردەوامە، هەر بۆیە میللەتی کورد بە گشتی و ئافرەتانی ئێمە بەتایبەتی لە دۆخێکی ناسرووشتی و نایەکسانیدان، تەنیا بە جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق و دامەزرانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەم دۆخە ناسرووشتییە رزگارمان دەبێت.» گوتیشی: «ئەو دەرفەتەی ئەمڕۆ بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی کورد هاتۆتەپێش، گومانی تێدا نییە کە چارەنووسی هەرتاکێکی کوردی پێ بەستراوەتەوە، پێویستە نرخ و بەها و گرنگیی ئەم دەرفەتە بزانین و هەموومان بۆ رەتکردنەوەی ژێردەستی یەکدەنگ بین. یەکدەنگی و یەکریزیمان پشتیوانییە بۆ سەرۆك بارزانی لە هەوڵەکانی چ لە ئاستی ناوەوەی عێراق و کوردستان چ لە ئاستی نێودەوڵەتی بۆ سەربەخۆیی و دامەزرانی دەوڵەتی کوردستان. بێگومان سەربەخۆیی و بەدەستهێنانی دەوڵەتی کوردستان باشترین وەڵامە بۆ ئەو هەموو تاوانانە کە لەلایەن حکومەتەکانی عەرەب و تورك وفارس لە هەقمان کراوە.

فەزیلە شۆڕش جەخت لەوە دەکاتەوە کە «ژیان لە وڵاتێکی سەربەخۆ و دیموکراتدا دەرفەتێکی زۆر گەورەیە بۆ بەرەوپێش چوونی ئافرەت و پێگەی ئافرەت و بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی یەکسان و پێشکەوتوو، ئازادیی وڵات، واتە ئازادیی مرۆڤ، چ ئافرەت بێت، چ پیاو، ئەو کات لە دەوڵەتی کوردستان یاساو رێنماییەکانیش زیاتر لە پێناوی بەرژەوەندی و شکۆی تاکی هاووڵاتی بە ئافرەت و پیاو و منداڵەوە دەبێت.» گوتیشی: «هەر یەك لە ئێمە وەك تاك بەشدارین لەم پرۆسەیە، بەتایبەتی ئافرەتی کورد، هەر چۆن بە درێژایی مێژوو رۆڵێکی گرنگ و کاریگەری هەبووە لە شۆڕشەکاندا، ئێستاش لەم پرۆسەیەدا بە دەنگدانی بەڵێ بۆ جیابوونەوە لە عێراق، جارێکی دیکە ئەرکی گەورەی خۆی جێبەجێ دەکات، دوای رێفراندۆمیش بەشداریکردنی ئافرەت لە پرۆسەی دروستکردنی دەوڵەتدا بناغەی وڵاتێکی یەکسان و دادپەروەر و پێشکەوتنخواز بونیاد دەنێت».

لە لای خۆیەوە سنۆبەر سابیر ئەندامی دەستەی رێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان، سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە گشتپرسی یان (ریفراندۆم) یەکێکە لە بنەماکانی دیموکراسییەت کە وەك یاساناسەکان دەڵێن تێکەڵاوێکە لە (دیموکراسییەتی راستەوخۆ - دیموکراسییەتی نوێنەرایەتی) کە وڵات و نەتەوەو گەلانی جیهان مافی رەوای خۆیانە بە شێوەیەکی ئازاد و دیموکراتی رای خۆیان هەبێت لەسەر بابەتی دستووری، یاسای سیاسی و چارەنووسساز، چ بە دانان و چ بە هەمووارکردنی و هەروەها هەر بابەتێکی دیکە کە بە گرنگی بزانن لە سەر دەوڵەت و سیاسەتی گشتی کە لە رێگای ریفراندۆم ئەو بابەتە بخرێتەڕوو، بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیەش پێویستە زەمینەسازی بکرێت بۆ بەشداربوونی تاکەکانی کۆمەڵگە هەتا بە شێوەیەکی ئازادو دیموکراسی ئەو مافەیان بەکار بهێنن، جا چ ئەوانەی لەگەڵ ئەو بابەتەن، چ ئەوانەی دژی بابەتەکەن. ریفراندۆم بابەتێکی نوێ نییەو ساڵانێکی زۆر پێش ئێستا لە وڵاتانی دنیا ئەم مافە پەیڕەو کراوە، لەوانە: ئەمریکا، بەریتانیا، ئەڵمانیا، و ساڵی (١٧٩٩) لە فەڕەنسا ریفراندۆم ئەنجام درا لە دوای ئینقلابی ناپلیۆن و دانانی پڕۆژەی دستووری هەشتەمی شۆڕش. لە سویسرا لە ساڵی (١٧٨٩)ـەوە تا ئێستا زۆربەی دستوورەکانی ئەو وڵاتە بە ریفراندۆم رێکخراوە. هەروەها لە میسر لە ساڵی (١٩٥٥) و لە سەردەمی جەمال عەبدولناسر ریفراندۆم ئەنجام دراوەو لە چەندین وڵاتی دیکەش ئەنجام دراوە. بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی جیهان مێژوویەکی دوور و درێژیان هەیە لەسەر ئەم بابەتە

گرنگە، دیارە نەتەوەی کوردیش لە کوردستانیش چەندین ساڵە لە پێناو بەدیهێنانی مافە رەواکانی و بوون بە خاوەن دەوڵەت خەبات و شۆڕش دەکات و لە چوارچێوەیەکی یاسایی و دەستووری دەیەوێت خاوەنی کیانی سەربەخۆ بێت و نەخشە لەتکراوەکەی رێکبخاتەوە. بەتایبەتی لەم بەشەی کوردستان (باشوور) کە ساڵانێکە تا رادەیەك ئازاد و دوور لە حکومەتی بەغدا موئەسەسات و دامودەزگای تایبەتی و ئیدارەی خۆی هەیە، ئێستاش کە رای جیهانی بەرامبەر بە کورد گۆڕانی بەسەردا هاتووە، پێویستە کوردیش بە جۆرئەتەوە بڕیاری خۆی بدات و خۆی لە ژێردەستی و کۆیلەیەتی و پاشماوەیی رزگار بکات. ئەوەش پێویستی بە بڕیاردان لە سەر چارەنووسی کەرکوکی هەمیشە کوردستانی و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان هەیە، کە بە ریفراندۆم جێبەجێ دەکرێت. سنۆبەر سابیر لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: «ئەرکی سەرشانی هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە کە لەم قۆناغە هەستیارەدا پاڵپشتی لە پارتی دیموکراتی کوردستان و هەر لایەنێك بکەن کە خۆی بە پێشەنگی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەزانێت.» گوتیشی: «ئافرەتانی کورد لە ئەرکی سەرشانیان هەرگیز خافڵ نەبوون و لەم دۆخە ناسکەشدا بەگوڕ و تینەوە بەشداری لە ریفراندۆمێك دەکەن، کە چارەنووسی خۆیان و نەتەوەکەیان دیاری دەکات».

روونـاك شێخ سدیق سەرپەرشتیاری پەروەردەییە و بەمجۆرە راوسەرنجی خۆی لە بارەی رۆڵی ئافرەت لە پرۆسەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەردەبڕێت: «تاکەکانی هەر کۆمەڵگەو نیشتمانێك لەپرسی نەتەوەییدا هاوچارەنووسن، ئەم ریفراندۆمەش دەرفەتێکە بۆ کورد رەخساوە، بۆ ئەوەی چارەنووسی خۆی دیاری بکات، چارەنووسێك کە بە درێژایی مێژوو قوربانیمان بۆ داوە، ئافرەتیش نیوەی کۆمەڵە و کاریگەری راستەوخۆیشی لە سەر نیوەکەی دیکەی کۆمەڵگە هەیە کە پیاون. چونکە دایك لە پێگەیاندنی نەوەیەکی نوێ بۆ کۆمەڵگە پشکی شێری بەر دەکەوێت. ئافرەت، کچە، خوشکە، دایکە، هاوسەرە و لە هەموو جومگەکانی ژیانیش لە پەروەردەوە راهێنانەوە تا پاراستنی تەندروستی و ژینگە و نیشتمان رۆڵی سەرەکی هەیە، ئافرەت لە هێزەکانی پێشمەرگەدا شان بەشانی براکانی پارێزگاری لە کوردوکوردستان دەکات، لە بواری ئابیینی، خزمەتگوزاری، بازرگانی و لە میدیاکان، لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و حزبی و حکوومی کاردەکات. هەموو ئەمانە دەری دەخەن کە ئافرەت تا چەند رۆڵی بەرچاوی لە کۆمەڵگەدا هەیەو دەتوانێت لەم بارودۆخە هەستیارەش کە کورد لە سەربەخۆیی نزیك دەبێتەوە، هەم خۆی بەشداری و چالاکی دەکات، هەم دەبێتە هاندەرێکی باشی تاکەکانی کۆمەڵ بۆ ئەوەی بەشداری بکەن لە ریفراندۆم، لەبەرئەوەی سەرخستنی ئەم پرۆسەیە واتە راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان، کە خەونی سەدان ساڵەی میللەتی کوردە. دڵنیاشم ئافرەتان بۆ پێشخستنی ئەم پرۆسەیە بە هاندان و تێگەیاندنی دەوروبەر بە سەردان و ئەنجامدانی کۆڕو کۆبوونەوەی خۆیان لە شوێنە گشتییەکان کاری جددی بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە دەکەن و داواکارم هەموو لایەنە سیاسییەکان و میدیاکان و رادیۆ و تەلەفزیۆن و رۆژنامەکان بانگەوازی ئەم ئەرکە نیشتمانییە بکەن.

**دەبێت هەموومان بەبێ جیاوازی هەموو هەوڵێک بخەینەگەڕ بۆ سەرخستنی پرۆسەی ریفراندۆم و پشتگیری لە هەنگاوەکانی سەرۆکی هەرێم بکەین، کە رۆژ و شەوی خۆیان خستووەتە سەر یەک لە بەر ئەوەی نەتەوەی کوردیش خاوەن کیانی خۆی بێت**

